# هەرکەسێک لە ئێوە بەیانی بەسەردا هات ولە لاشەیدا ساغ بوو، ولە شوێنی نیشتەجێبوونەکەی ئارام بوو، وخواردنی ئەو ڕۆژی هەبوو؛ وەکو ئەوە وایە دونیا کۆکرابێتەوە وبە ئەو درا بێت

لە عبيد اللەی کوڕی میحسەنی ئەنساڕیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک لە ئێوە بەیانی بەسەردا هات ولە لاشەیدا ساغ بوو، ولە شوێنی نیشتەجێبوونەکەی ئارام بوو، وخواردنی ئەو ڕۆژی هەبوو؛ وەکو ئەوە وایە دونیا کۆکرابێتەوە وبە ئەو درا بێت».
[حەسەنە] [رواه الترمذي وابن ماجه]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕایدەگەیەنێت کە هەرکەسێك لە مسوڵمانان بەیانی بەسەردا بێت ولە لاشەیدا ساغ بێت وسەلامەت بێت لە نەخۆشی ویەتاکان، ولە ئاسایشدا بێت لە نەفسی وخێزانی ومنداڵەکانی وڕێگاکەیدا ونەترسێت، وبژێوی وقوتی حەڵاڵی ئەو ڕۆژەی هەبێت؛ ئەوا وەکو ئەوە وایە هەموو دونیا کۆکرابێتەوە ودرا بێت بە ئەو.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5840

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee